# وانەی پێنجەم

# قوتابێتی - 1

## نزا

ڕابەری گروپ: نزا بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادە کردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

## ستایش و پەرستن

### خودا زیندووە

فێربکە: ئایا (پەرستن) چییە؟

هەڵوێستی ملکەچی و نوشتانەوە و تەرخان کردنە بۆ خودا، ئەمانەش بەرێگای نزای جۆراوجۆر و شێوازی ژیانمان دەریدەخەین.

بۆ ئەوەی خودا بپەرستین، پێویستە بزانین خودا کێیە. لەم وانەیەدا سەبارەت بە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی خودا فێردەبین.

(ڕابەری گروپ: ئەو فێرکردنە بخوێنەوە کە دەڵێت "بە تەواوی لە خودا ناگەین").

بیرۆکەی سەرەکی: خودا زیندووە

### 1 سروشتی

(زەبووری115: 2-8) بخوێنە

**ئـا سروشتی بتەکان:** هەندێ کەس لە شێوەی مرۆڤ بت دروست دەکەن. لەگەڵ ئەوەی ئەم بتانە چاویان هەیە بەڵام نابینن. لەگەڵ ئەوەی گوێیان هەیە بەڵام نابیستن. هەروەها ئەم بتە مردووانە لە بەرد یان لە دار دروست کراوە کە ناتوانێت قسە بکات و هیچ کارێك بکات. بە هەمان شێوە هەندێك کەس هەن فەلسەفە و باوەری ئاینی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ ڕێکخستنی بیرۆکەی تایبەتی خۆیان کە پێویستە خودای ڕاستەقینە چۆن بێت. بەڵام (خوداوەند)ێك کە مێشکی مرۆڤ بەدی هێنابێت ئەوە مەحاڵە ببێتە خودایێکی ڕاستی.

**ب) کاریگەری بتەکان:** پەرستنی ئەو بتانەی کە دروستکراوی مرۆڤە، هەروەها ئەو (خوداوەند)ەی کە لە چنینی خەیاڵاتی مرۆڤە پەرستنێی بەتاڵە. چونکە نموونەی ئەم جۆرە بت و خوداوەندانە هەرگیز وەڵام نادەنەوە. بەڵام لەمەش خراپتر ئەوەیە کە کتێبی پیرۆز ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەو کەسانەی ئەم جۆرە بتانە دروست دەکەن، یان ئەوانەی وەك ئەم خوداوەندانە لە خەیاڵی خۆیان دەچنن، وەکو بتەکانیان لێدێت کە دروست کراوی دەستی خۆیانن و وەك خوداوەندەکانیان کە لە خەیاڵیان چنیویانە (زەبووری115: 8). هەر کەسێك بەدەستی خۆی بتێك دروست بکات، یان خوداوەندێك بدۆزێتەوە بە عەقڵی، بە هەستی، بە هونەرەکانی، بە ئاواتەکانی، ئەوە وەك بتەکەی و خوداوەندەکەی خۆی لێ دێت.

**پ) بنەمای کتێبی:** بە پێچەوانەی پەرستنی بت کە دروستکراوی مرۆڤە یان ئەو خوداوەندانەی کە لە خەیاڵی مرۆڤەوە چنراوە، ئەو کەسانەی کە خودای ڕاستەقینە دەپەرستن کە کتێبی پیرۆز باسی دەکات، وردە وردە وەك خودای زیندوویان لێدێت!

چونکە پەرستن لایەنی کەسایەتی و پیرۆزیمان دەگۆڕێت!

### 2 ڕوشتی خودای زیندوو

(دورچوون3: 4-12) بخوێنە

**ئـا خودا زیندووە و سیفەتی کەسایەتی هەیە:** خودا بەلای ئێمەوە بێگانە نییە. بەڵکو خودایێکی زیندووە.

- خودا بە قسەی ڕوون و تێگەیشتراو لەگەڵمان دەدوێت. بۆیە دەتوانین بزانین خودا چیمان پێ دەڵێت، هەروەها دەتوانین بیرۆکە و هەست و ویستی ئارەزووەکانی خودا تێبگەین، بەو بڕەی کە خۆی بۆمانی ئاشکرا دەکات.
- خودا هەموو شتێك دەبینێت. نەك تەنها ئەو کارانە دەبینێت کە دەیکەین (شتە ڕونەکان)، بەڵکو کارە شاراوەکانیشمان دەبینێت. بێ هیوایی و ئازار و هەموو ژیانمان دەبینێت هەروەها ناخمان دەبینێت.
- خودا گوێی لە هەموو شتێکە. گوێی لە گفتوگۆ و چرپە و هانا بردنە بەر و نزاکانمان دەبێت.
- خودا هەستی هەیە، گرنگی بە ناڵاندن و چاکەمان دەدات. کتێبی پیرۆز دەڵێت کە خودا گەلەکەی خۆشدەوێت و توورەیی

دەبارێنێتە سەر ئەوانەی بەرەنگاری دەبنەوە. بەو شێوەیە خودا خەم دەخوات و دڵخۆش دەبێت.

- چونکە خوداێکی زیندووە، هاتە زەوی بۆ ئەوەی رزگارمان بکات. سەرەڕای ئەوەش هەندێ کارمان پێڕادەسپێرێت (هەروەك لەگەڵ موسا ئەنجامیدا). بەڵام بە تەنیا نامانێرێت بۆ ئەنجامدانی کارێك، بەڵکو لەگەڵمان دێت و یارمەتیمان دەدات لە ئەنجامدانی راسپاردەکە (هەروەك چۆن لەگەڵ موسا چوو و یارمەتیدا لە ئەنجامدانی راسپاردەکەی).

**ب) خودا زیندووە و مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی دروست کرد.**

خودای زیندوو و راستەقینە تاکە کە خودی خۆی لە کتێبی پیرۆز ئاشکرا کرد، خوداێك نییە لە چنینی خەیاڵی ئەقڵی مرۆڤ بێت. چونکە خودا دەدوێ و دبینێت و گوێی لێدەبێت و هەست دەکات و بیر دەکاتەوە و ئارەزوو دەکات و کار دەکات. بەڵام ئەم کارانە ئەنجام نادات لەبەر ئەوەی ئێمەی مرۆڤ ئەنجامی دەدەین. چونکە خودا وێنەیەك نییە کە ئەقڵی مرۆڤ وێنەی بکێشێت، هەروەها خوداێك نییە بە گوێرەی بیرۆکەی مرۆڤ دروست کرابێ، بەڵکو لە سروشتی خۆی خوداێکی زیندووە. ئەو بە تەواوەتی زیندووە. مرۆڤ خودای لە مێشکی خۆی دروست نەکرد، بەڵکو خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی دروست کرد. خودا مرۆڤی وەك نموونەیەك لەسەر وێنەی خۆی دروست کرد. لەبەر ئەوەی خوداێکی زیندووە، زیندووەکانی دروست کرد. مرۆڤ زیندووە چونکە لە شێوەی خودا دروست کراوە، لەبەر ئەوە دەتوانن بدوێن چونکە خودا دەدوێ. هەروەها دەبینین چونکە خودا دەبینێت، بیردەکەینەوە چونکە خودا بیردەکاتەوە، هەروەها ئێمە هەڵدەبژێرین و بڕیار دەدەین ...هتد. لەبەر ئەوەی خودا زیندووە، ئێمەی مرۆڤ سیفاتی زیندوومان هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش سیفاتە زیندووەکانمان زۆر لە سیفاتی خودا کەمترە.

**ج) خودا زیندووە و پەیوەندیەکی زیندووی لەگەڵ مرۆڤ هەیە.**

لەبەر ئەوەی خودا زیندووە و ئێمەی مرۆڤ زیندووین، دوتوانین پەیوەندییەکمان هەبێت و هاوبەشییەکمان لەگەڵ یەکتردا هەبێت! لەبەر ئەوەی خودا زیندووە و ئێمەی مرۆڤیش زیندووین، دەتوانین بەیەکەوە بدوێن و یەکتر بناسین، لە یەکتر تێبگەین و هەست بە یەکتر بکەین، هاوبەشیمان بەیەکەوە هەبێت و بەیەکەوە کاربکەین. ئەگەر خودا تەنها هێزێك بووایە بەبێ کەسایەتی پەیوەندی و هاوبەشی نزیکی نێوان ئێمە و خودا هەرگیز نەدەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی خودا زیندووە کەواتە ئەم پەیوەندییە کەسایەتییە و هاوبەشیە نزیکە نەك تەنها شیاو دەبێت، بەڵکو دۆخێکی راستییە.

**بەشداری کردن** **ئینجیلی مەتا**

بە نۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەڕاوی خەڵوەتی روحی قوتابیان) ئەوەی فێری بوونە لە یەکێ لە خەڵوەتەکان و ڕامانتان لەو بڕگە کتێبییانەی بۆتان دەستنیشان کراوە (مەتا15: 1 - 18: 20) لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەوەی بەشداریەکان کورت بێت.

گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات، بە راستی مامەڵە لەگەڵ قسەکانی بکەن و قبووڵی بکەن و کێبڕکێی ئەو شتانە مەکەن کە بەشداری دەکات.

**فێرکردن**

**حەوت هەنگاوی بۆ بەکارهێنانی کتێبی پیرۆز**




**ئـ ) روون کردنەوە**

بەرپرسیاریەتی باوەڕدار بەرانبەر کتێبی پیرۆز.

1 گوێ رایەڵی کتێبی پرۆز بە. (لۆقا11: 28) (بینین2: 7) بخوێنە.

2 کتێبی پیرۆز بخوێنە. (وتەکان17: 18-20) (نەحەمیا8: 8) (1تیمۆساوس4: 13) بخوێنە.

3 کات بەسەر بەرە لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز. (عەزرا7: 10) (کردار17: 11) بخوێنە.

4 هەندێك ئایەتی کتێبی پیرۆز دەرخبکە. (زەبووری119: 9-11) بخوێنە.

5 رابمێنە لە پەیام و فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز. (یەشوع1: 8) بخوێنە.

6 پەیام و فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز جێبەجێ بکە لە ژیانت. (لۆقا6: 46-49) (یۆحنا14: 21) بخوێنە.

7 پەیام و فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز بگەێنە کەسانیتر. (کۆلۆسی3: 16) (2تیمۆساوس4: 2) بخوێنە.

هەرچەندە کتێبی پیرۆز بەئەنجامدانی ئەم حەوت هەنگاوە جیاوازە بەکاربهێنی، ئەوە زیاتر لە کتێبی پیرۆز دەگەیت.

**هاندەر ب )**

**1** نموونەی عیسای مەسیحی خوداوەند. بۆچی دەبێت کتێبی پیرۆز بەکار بهێنیت.

**ئـ) بخوێنە:** (لۆقا2: 46-47).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** عیسای مەسیح چۆن وشەی خودای بەکاردەهێنا (کتێبی پیرۆز)؟

**تێبینییەکان:** عیسای مەسیح لە منداڵییەوە دەستی کردە خوێندنەوەی وشەی خودا. لە رێی گوێگرتن و پرسیارکردن، هەروەها بە گفتووگۆ کردنی وشەی خودا لەگەڵ کەسانیتر.

**ب) بخوێنە:** (یۆحەنا7: 14-18).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** خەڵکی و عیسای مەسیح چییان وت سەبارەت بە فێرکردن و کەلتوورەکەی؟

**تێبینییەکان:** لەگەڵ ئەوەی عیسای مەسیح هیچ وانەیەکی لاهوتی وەرنەگرتووە لە خوێندنگای مامۆستایانی شەریعەت، بەڵام بە باشترین شێوە وشەی خودای دەزانی. بەهرەکانی عیسای مەسیح لە فێربوون و فێرکردن بنچینەکەی خودای زیندوو بوو کە ناردوویەتی. عیسای مەسیح فەرمووی کە راست دەڵێت نەك هەڵە.

**پ) بخوێنە:** (لۆقا10: 25-28).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** ئایا عیسای مەسیح چی کرد بە وشەی خودا (کتێبی پیرۆز)؟

**تێبینییەکان:** لەو سەردەمەدا وشەی خودا لەسەر پارچەیەك پێستی لوولکراوی یان لەسەر کاخەزی بەردی دەنووسرا. عیسای مەسیح بەزۆری وشەی خودای بەکاردەهێنا. وشەی خودای لە ژیانی تایبەتی خۆی ئەنجامدا (لۆقا4: 21 ، 24: 25-27 ، 44: 45). هەروەها وشەی خودای بەکارهێنا کاتێك کە رووبەڕووی شەیتان بووەوە (مەتا4: 4 ، 7 ، 10). وشەی خودای بەکار هێنا بۆ فێرکردنی راستی (مەتا5: 21 -22 ، 27 ، 31-34 ، 38-39 ، 43-44). هەروەها بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان (مەتا19: 3-6 ، لۆقا10: 25-28) و پوچەڵ کردنی فێرکردنە هەڵەکان (مەتا22: 41-46). هەروەها بۆ ئابڕوو بردنی ژیانی ریایی کە خەڵکی دەژین (مەرقۆس7: 5-9). لەبەر پێشبینی کردن (مەتا26: 31).

**2** نموونەی پۆڵسی نێرراو.

**ئـ) بخوێنە:** (کردار17: 2-4).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** چۆن پۆلسی نێرراو وشەی خودای بەکارهێنا؟

**تێبینییەکان:** پۆلسی نێرراو راهاتبوو لەسەر دۆزینەوەی کۆمەڵە کەسێك کە ئارەزووی خوێندنەوەی وشەی خودایان هەبێت (کتێبی پیرۆز). گرووپەکە هەفتەی یەکجار کۆدەبوونەوە. پۆلسی نێردراو دەربارەی کتێبی پیرۆز گفتووگۆی لەگەڵ دەکردن. وشەی {گفتووگۆ دەکات} (لە زمانی یۆنانی: Dialegomai) واتە {رامان کردن لە...} راستییەکانی کتێبی پیرۆز لە مێشکیدا، پاشان {گفتووگۆ کردن} (وتووێژ کردن سەبارەت...) بەم راستییانە لەگەڵ ئەو کەسانەی لە گرووپەکە ئامادەن. لەماوەی ئەم گفتووگۆ کردنە لە کتێبی پیرۆز، پۆلس ئەم راستییانەی بۆ روون دەکردنەوە و هەندێ راستی کتێبی پیرۆزی بۆدەسەلماندن. واتەی وشەی {روون کردن} (کردنەوەی کتێبی پیرۆز بەتەواوی)، واتە مەبەستی برگە قوورسەکانی کتێبی پیرۆزی بۆ روون دەکردنەوە.

واتەی وشەی {ڕوونکراو} ئەوە دەربخەیت کە ئەوەی فێری دەکەیت بە ڕوونی لە کتێبی پیرۆز نووسراوە. مەبەستی پۆلس ئەوە بوو خەڵکی {قایل بکات} بۆئەوەی باوەڕ بێنن بەو ڕاستییانەی لە کتێبی پیرۆز هاتووە. پۆلسی نێراو بۆ ماوەی دوو ساڵ لە شاری ئەفەسۆس مایەوە و ڕۆژانە گفتووگۆی دەکرد سەبارەت بە ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز (کردار19: 8-10).

ب) **بخوێنە:** (کردار20: 20 ، 27 ، 30 ، 31).

**بدۆزە و گفتووگۆ بکە:** مەبەستی پۆلسی نێراو چی بوو لە فێرکردن و ئامۆژگاری کردن؟

**تێبینییەکان:** مەبستی پولسی نیراو ئەوە بوو خەڵکی فێری هەموو مەبەستەکانی خودا بکات سەرەڕای پێشکەشکردنی ئامۆژگاری. لە لایەنێکەوە هەموو ڕاستییێکی گرنگی فێردەکردن لە کتێبی پیرۆزدا. لە لایەنێکی تریشەوە ئەو شتەی یارمەتیانی نەدەدا فێریانی نەدەکرد. پۆلس خەڵکی ئاگادارکردەوە کە پێویستە لەسەریان خۆیان بە مشتومڕی گێلانە و فێرکردنی بەتاڵ خەریك نەکەن (1تیمۆساوس1: 3-7).

**3** نموونەی دانشتوانی بیریە.

**بخوێنە:** (کردار17: 10-12).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** خەڵکی بیریە چۆن وشەی خودا یان بەکار دەهێنا (کتێبی پیرۆز)؟

**تێبینییەکان:** خەڵکی بیریە هەموو ڕۆژێك کتێبی پیرۆزیان دەخوێندەوە بۆ ئەوەی بەخۆیان ڕاستی بدۆزنەوە. چونکە ویستیان گەشە بە قایلی خۆیان بدەن سەبارەت بەو وشەیەی خودا دەیڵێت لە (کتێبی پیرۆز). لە زمانی یۆنانی واتای وشەی {دەخوێنێت} بەم شێوەیەیە: (پشکنینی ڕاستی لە ڕێگای توێژینەوە، پرسیار کردن، جیاکردنەوەی ڕاستی، هەڵسەنگاندنی ڕاستی. واتە هەستێت بە توێژینەوەیەکی ورد و ئاگادار وەك لێپرسینەوەی یاسایی. بۆیە ئەو ڕێگاییەی کە پێویستە لەسەرت بەکاری بهێنی بۆ چەسپاندنی قایلبوونی تایبەتیت دەربارەی شتە ڕوحییەکان ئەوەیە کە خۆت ئەو ڕاستییە بپشکنی کە ئاشکرا کراوە لە کتێبی پیرۆز. باشترین ڕێگا ئەوەیە کە ئەو کارە ئەنجام بدەیت لەگەڵ گرووپکی بچووك لە باوەڕدارانیتر.

**4** نموونەی عەزرا.

**بخوێنە:** (عەزرا7: 10).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** عەزرا چۆن وشەی خودای بەکار هێنا (کتێبی پیرۆز)؟

**تێبینییەکان:** عەزرا مامۆستایەکی مەزنی کتێبی پیرۆز بوو، خۆی تەرخان کردبوو بۆ سێ شت: یەکەم، کتێبی پیرۆز بخوێنێت. دووەم، فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز بەکاربهێنێت. سێیەم، کەسانیتر فێری ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز بکات. ئەمەش نموونەیەکی باشە بۆ هەموو قوتابیانی کتێبی پیرۆز و سەرکردەی گرووپەکان (مامۆستایانی کتێبی پیرۆز). پێش ئەوەی ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز فێری کەسانیتر بکەیت. پێویستە لەسەرت ئەم ڕاستییە لە کتێبی پیرۆز بخوێنیت و لە ژیانی تایبەتیت بەکاری بهێنی.

**5** نموونەی یەشوع و شا داوود.

**بخوێنە:** (یەشوع1: 7-9) (زەبووری1: 1-3).

**بدۆزە و گفتووگۆ بکە:** ئەو پەیمانە چییە کە خودا دای؟ ئەو شتە چی بوو کە گەلەکەی تاقیکردەوە؟

**تێبینییەکان:** خودا فەرمانی کردە سەر یەشوع کە بەردەوام بێت لەسەر وردبوونەوە لە وشەی خودا (کتێبی پیرۆز)، هەروەها ئاگاداربێ لە جێبەجێکردنی ئەوەی تێیدا هاتووە. خوادوند پەیمانی پێدا کە هەموو سەرکەوتنێك لە ژیانی تاقیبکاتەوە. بەهەمان شێوە شا داوود تاقیکردەوە کە وردبوونەوە لە وشەی خودا کە لە کتێبی پیرۆز ئاشکرا کراوە لە ستەمکاران دەیپاراست و ژیانی بەبەرهەم دەکرد. بۆیە ڕامان لە وشەی خودا و جێبەجێکردنی گەورەترین کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانت. خودا پاداشتی ئەوەت دەکاتەوە بە گەشەسەندن و سەرکەوتن (واتا بە شێوەیەکی ڕاست لە ژیان تێدەگەیت و بە دانایی هەڵسوکەوت دەکەیت). ئەوکات ژیانت خۆش و بەبەرهەم دەبێت.

## 6 پێنج بنەمای خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

ئەو ئایەتە کتێبییانەی لای سەرەوە ئاماژەی پێکراوە. هەندێ بنەمای جوانمان فێردەکات کە پەیوەندی هەیە بە وانەی کتێبی:

ئـ) گرووپی بچووک. گرووپێکی بچووک پێك بهێنە لەو کەسانەی ئارەزووی خوێندنی کتێبی پیرۆزیان هەیە بەیەکەوە.(باشتر وایە هەفتەی جارێك کۆببنەوە).

ب) بە دوای راستیدا بگەڕێ. بەدوای راستیدا بگەڕێ لە ڕێگای گەڕان بەشوین راستی. هەروەها ویستی خودای تەواو و هەر شتێك یارمەتی ئەوە بدات.

پ) راستی شلۆڤە بکە. پرسیار بکە و گوێ لە بیروڕای ئەوانیتر بگرە.گفتووگۆی ئەو راستییانە بکەن کە لە کتێبی پیرۆز هاتووە. وشە و بیرۆکە قورسەکان روون بکەوە. هەموو خاڵێك بسەلمێنە کە لە ڕێگای کتێبی پیرۆز بە بیرتدادێ. کتێبی پیرۆز روون بکەوە بە روونکردنەوەیەکی راست. باشتر وایە ئەو کارە لە ژێر تیشکی برگەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز.

ت) راستی جێبەجێ بکە. رابێنە لەوەی خودا دەیەوێت بیزانی و باوەڕی پێبکە، لەسەر ڕێگای بی و ئەنجامی بدەی. دواتر ئەو راستییە ئەنجام بدە کە خودا دەیەوێت ئەنجامی بدەیت.

ج) هەستە بە دارشتنی راستی. راستییە سەرەکییەکان دارێژە بە شێوەیەك بیروباوەڕ، دەرەنجام، ڕێکخستنە تایبەتییەکانت پێکبێنێت.

## پ ) جێبەجێکردنی کرداری

حەوت هەنگاوی کرداری بۆ بەکارهێنانی کتێبی پیرۆز.

لە ماوەی ئەم بەرنامە مەشقییە، ئەم کارانە فێردەبین: چۆنێتی بەکارهێنانی کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی کرداری، گوێ گرتن لە کتێبی پیرۆز، خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، دەرخکردنی ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز، وردبوونەوە لە راستییەکانی کتێبی پیرۆز، جێبەجێ کردنی پەیام و فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز لە ژیانمان، گەیاندنی پەیام و فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز بۆ خەڵکیتر.

### 1 گوێ بگرە لە کتێبی پیرۆز

فێربە گوێبیستی دەنگی خودابیت و گوێی لێرابگریت کاتێك قسەت لەگەڵ دەکات لە ڕێگای کتێبی پیرۆز، پێشبینی بکە خودا شتێکت پێ بڵێ.

### 2 هەموو رۆژێك کتێبی پیرۆز

ئـا کتێبی پیرۆز بخوێنەوە: لە ساڵێك یاخود دوو ساڵ یاخود سێ ساڵدا بە تەواوی کتێبی پیرۆز بخوێنەوە. کتێبی پیرۆز بریتیە لە 1187 بەش. بۆیە دەتوانی لە ڕێگای خوێندنی 3 بەش رۆژانە و 5 بەش لە رۆژی پشوودانت هەمووکتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە. یەکێك لە پیلانەکانی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکاربهێنە. لەکاتی خەلوەتی روحیت برگەکانی پەیمانی نوێ بخوێنەوە. ئێوارە پێش ئەوەی بخەوی برگەیەك یاخود دوو برگەی پەیمانی نوێ بخوێنەوە. سیستەمی هێمادانان بەکار بهێنە لەکاتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز. ئەوە یارمەتیت دەدات بۆ دۆزینەوەی برگە گرنگەکان لە کتێبی پیرۆز. هەروەها یارمەتیت دەدات بۆ خوێندنی هەندێ لە بابەتە دیاریکراوەکانی کتێبی پیرۆز. سەیری پاشکۆی 2 و 3 بکە.

ب) کتێبی پیرۆز بخوێنەوە بۆ ئەندامانی خێزانت.

بەشێك لە کتێبی پیرۆز بخوێنە بۆ ئەندامانی خێزانت (بۆ نموونە دوای ژەمی سەرەکی). دواتر گفتووگۆی برگەکە بەیەکەوە بکەن و بەیەکەوە نزا بکەن (وتەکان6: 4-9).

پ) کتێبی پیرۆز بۆ کەسانیتر بخوێنەوە.

بە دوای کەسانێکی گونجاو بگەڕێ بۆ خوێندنی کتێبی پیرۆز بە دەنگێکی بیستراو بۆ ئەوانەی کە باوەڕدارنین. (1تیمۆساوس4: 13).

**3** هەمو هەفتەیەك كتێبی پیرۆز بخوێنە.

بەخۆت كتێبی پیرۆز بخوێنەوە، پاشان كتێبی پیرۆز لەگەڵ گرووپی بچووك بخوێنەوە.

**ئـا) هەستە بە پێكهێنانی گرووپی خوێندنی كتێبی پیرۆز یان گرووپی قوتابێتی.** بەدوای كەسانێك بگەرێ ئارەزووی خوێندنی كتێبی پیرۆزیان هەبێت. پێویستە لەسەر هەر كەسێك لە ئەندامانی گرووپەكە وانەی كتێب ئامادە بكات پێش ئەوەی بێتە كۆبوونەوەی گرووپی خوێندنی كتێبی پیرۆز. كاتێك بەیەكەوە كۆدەبنەوە پێویستە لەسەر هەموو كەسێك بەشداری توێژینەوە، گفتووگۆ، بەشداری كردن، جێبەجێكردنی راستی بكات. باشتر وایە هەفتەی جارێك كۆبنەوە بۆ خوێندنی كتێبی پیرۆز و نزاكردن.

**ب) شێوەی جیاواز فێربە بۆ خوێندنی كتێبی پیرۆز.** چەند شێوەیەك هەیە یارمەتیت دەدات بۆ خوێندنی ئایەتەكانی كتێبی پیرۆز، یان بڕگەكانی كتێبی پیرۆز، یانیش بەشەكانی كتێبی پیرۆز، هەروەها پەرتووكەكانی كتێبی پیرۆز، یان ئەكتەرەكانی كتێبی پیرۆز، یان بابەتەكانی كتێبی پیرۆز. لەم بەرنامە مەشقییە، شێوەیەكی هەرەباش فێر دەبی ئەویش (شێوازی پێج هەنگاو) كە دەتوانی بەكاری بێنی بۆ خوێندنی هەر بڕگەیەكی كتێبی پیرۆز. سەیری پاشكۆی 4 بكە.

**4** بە شێوەیەكی رێك و پێك ئایەتەكانی كتێبی پیرۆز دەرخبكە.

بە شێوەیەكی رێك و پێك رابمێنە لە ئایەتەكان كتێبی پیرۆز و دەرخیان بكە. هەروەها بەو ئایەتانەدا بچۆوە كە پێشتر دەرخت كردبوو. دڵنیا بە لە دەرخ كردنیان. سەیری پاشكۆی 5 بكە.

**5** وردبەرەوە لە راستییەكانی كتێبی پیرۆز.

فێربە و مەشق بكە لەسەر رامان لە راستییەكانی كتێبی پیرۆز. ئەمە پێویستی بە كات و رێكخستنێكی زیاتر هەیە.

رامانی مەسیحی زۆر جیاوازە لە رامانی ئاینەكانیتر، هەمان كەسەكە دەبێتە تەوەری رامانی. بەڵام لە باوەڕی مەسیحی خودا و وشەكەی هەردەم تەوەری رامانتن. چونكە رامانی مەسیحی وەستاوە لەسەر بنەماكانی وشەی خودا نەوەك لەسەر بنەما و بەهای كەسی، ئەوە گفتوگۆیەكی هەمیشەییە لەنێوان خۆت و خودا. سەرەڕای ئەوە رامانی مەسیحی بە شێوەیەكی تایبەت دەبێت لەكاتی خەلوەتی روحی و لەكاتی پاڕانەوە و لەكاتی دەرخ كردنی ئایەتە كتێبییەكان و لەكاتی خوێندنت بۆ كتێبی پیرۆز. بەڵام چوار رێگای شوێنكەوتوو لە رامانی مەسیحی ئەوەیە: بیركەوە، بپاڕێوە، كاربكە، بنووسە. سەیری پاشكۆی 1 بكە لە كتێبی مەشق لەسەر قوتابی بوون-1 بكە.

**6** راستییەكانی كتێبی پیرۆز لە ژیانت جێبەجێ بكە.

**ئـا) مەبەست لە جێبەجێكردنەكان.**

خودا كتێبی پیرۆزی پێنەبەخشیووی بۆ ئەوەی رۆشنبیری و زانیاریت زیاد بكات، بەڵكو بۆ ئەوەی ژیانت بگۆڕێت.

**ب) جێبەجێكردنە پێشنیاركراوەكان.**

بیربكەوە چۆن دەتوانی ئەو راستییە جیاوازانە لە ژیانت جێبەجێ بكەیت كە لە بڕگەی كتێبی پیرۆز هاتووە. لەوانەیە هەر راستییەك لە كتێبی پیرۆز زیاتر لە یەك جێبەجێكردنی هەبێت. لە خۆت بپرسە:

ئایا هەڵوێستێك یاخود رەفتارێك هەیە كە دەبێت بیگۆڕم؟
ئایا گوناهێك هەیە كە دەبێت لێی دوور بكەومەوە؟
ئایا نوێنەرێكی باش هەیە كە دەبێت بە رێیدا برۆم؟
ئایا نامەیەكی نوێ هەیە كە دەبێت بەشداری بكەم؟

ئایا یاداشتێك هەیە كە دەبێت گوێڕایەڵی بم؟
ئایا راستییەك هەیە كە دەبێت باوەڕی پێ بكەم؟
ئایا پەیمانێك هەیە كە دەبێت داوای بكەم؟
ئایا داناییەك هەیە كە دەبێت جێبەجێی بكەم؟

### پ) جێبەجێ کردنی کەسی.

لە خودا بپرسە ئایا دەیەوێت چی بزانی، یان باوەڕی پێبکەی، یان لە ڕێی دابی، یانیش ئەنجامی بدەیت. هەوڵ بدە واقیعی بیت و جێبەجێ کردنێك دابنێ کە بتوانی لای کەمی بۆ ماوەی هەفتەیەك جێبەجێی بکەی.

### ت) پێشکەوتن لە جێبەجێ کردن.

کاتێك هەموو ڕۆژێك نزا دەکەیت، لە خودا داوا بکە یارمەتیت بدات لە دەسگرتن بە جێبەجێ کردنی کەسی. لە هەموو هەفتەیەکدا بەشداری ئەندامانی گرووپەکەت بکە بەو شتەی بەدەستت هێناوەلە جێبەجێ کردنی تایبەت بە خۆت.

7 راستییەکانی کتێبی پیرۆز بگەیەنە

شایەتی بدە لەوەی کە خوێندیتتەوە بەرێگەی هەواڵ بگەیەنیتە کەسانیتر، یان دەرخت کردووە لە کتێبی پیرۆز. راستییەکانی کتێبی پیرۆز بگەیەنە کەسانیتر لە رێگای بەشداری کردن، شایەتی دان، فێرکردن، ئامۆژگاری کردن، هاندان، ئاگادار کردن، وریا کردن.

## نزا

بە نۆرە وەکو گروپ نزا بەرز بکەنەوە بۆ خودا، وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە. یاخود گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی یاخود سیانی و نزاکانتان بەرز بکەنەوە بۆ خودا وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە.

## ئەرکی ماڵی
## بۆ وانەی داهاتوو

**بەڵێن:** بەڵێن بدە نامەی موژدە بە روونی بۆ خەڵکی شلۆڤە بکەیت.

**خەڵوەتی روحی:** بەردەوام بە لەسەر خەڵوەتی روحی بە خوێندنەوەی نیو بەش رۆژانە لە (مەتا18: 21 – 21: 46).

شێوازی راستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز:** تکایە وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵ (ئەفەسۆس2: 1-22). من کێم؟ پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**نزا:** بۆ کەسێکی دیاریکراو یاخود بۆ شتێکی دیاریکراو نزا بەرز بکەرەوە و بزانە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە**. تێبینییەکانت سەبارەت بە (خەڵوەتی روحی، دەرخ کردن، وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز) لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە. هەروەها ئەم ئەرکە ماڵییە.